


# قانع و خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای جەماوەر

ئازاد عەبدولواحید

لە مێژە باسی جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵک دەکرێ کە زۆر جار بەبێ تێفکرین و قووڵبوونەوە دوای هەندێ بیروڕای چەوت و چەواشەکارانە دەکەون، بێ ئەوەی بەخۆ بزانن ئەم بە دواکەوتنەیان لە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە و پێ بە تەختەی چرووک دادەنێن، بۆیە دوا جار هەر خۆیان دەبنە قۆچی قوربانی عەوام فریوی - پۆپۆلیستەکان. لێرەوە حەزدەکەم سەرگوزشتەیەکی (قانع)ی شاعیرتان بۆ بگێڕمەوە کە بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە، پێم خۆشە خوێنەران لە مەغزا و گەورەیی ئەو قسەیەی قانع ورد ببنەوە تا بزانن چەند ژیرانە و قووڵ بە ناخی جەماوەری کورددا چووەتە خوارێ و چۆن عەقڵیانی خوێندووەتەوە و تێیان گەیشتووە.

لە هاوڕێ و دۆستی دێرین و خۆشەویستم ڕەوانشاد (عەلی بەگی حسێن بەگی جاف)م بیست کە خۆشی ئەندامی گرووپی ئەنسارولسەلام بوو، گوتی دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨، ئاشتیخوازان و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە زۆریان بووبوونە ئەندامی (ئەنسارولسەلام- لایەنگرانی ئاشتی)، کەسانی وەک گۆران و قانع ئەندامی ئەم گرووپە بوون کە حیزبی شیوعی پاڵپشتی دەکردن. لەو شارەزوورەدا (قانع)ی شاعیری ناسراو و خۆشەویستی ئەو دەڤەرە، وەک بەرپرسی ئەنسارولسەلام ژوورێکیان داوەتێ ئیشوکارەکانی تێدا ڕاپی بکا، هەر ئەو ساڵانە کە حیزبی شیوعی لە هەڵکشاندا بووە، وێنەی مارکس و ئەنگڵس و لینین لە هەموو شوێنێک کەڵاشەی کردووە و بە گەورەیی لە زۆر شوێنی شارەزووریشدا هەڵواسراون. باش چاوەش (رئیس عرفاء)ی ئەو ناوە کە ئەو زەمانە شت بووە و تۆکێکی بە تۆ پاروان خواردووە، دەپرسێ: ئەوە زانیمان ئەوەیان زەعیم (عبدولکەریم قاسم)ـە، ئەی پێم نابێژن ئەو ڕیشنە و ئەوانی دی کێن؟ پێی دەڵێن ڕیشنەکە سەرکردەی شیوعییەکانی هەموو دنیایە، لەگەڵ دوانەکەی دی شیوعیەتیان داهێناوە و بڵاو کردووەتەوە. باش چاوەش کە شیوعییەکان بە کافر دەناسێ، یەکسەر دەڵێ: سا بەخوا هینەکەی زەعیم نەبێ، وێنەی ئەوانی دی دادەگرم، هەر واشی کردووە. کارەکەی باش چاوەش بە بەرپرسەکانی لیژنەی محەللی حیزبی شیوعی دەگاتەوە، ئەوانیش بەو کارە زۆر قەڵس و دەمری دەبن، بۆیە دەچن خەڵکی ئەو ناوە کۆدەکەنەوە و قسەیان بۆ دەکەن، وایان تێدەگەیەنن کە باش چاوەش کفرێکی گەورەی کردووە و وێنەی ئەو پیاوە گەورانەی دڕاندووە، پاشان هانیان دەدەن لە هەر کوێ باش چاوەش ببینن، بیگرن و تێڵاتڕێنی بکەن و بۆ ئەم کارەی کردوویەتی، بۆ حەوت پشتی تەمبێی بکەن.

بە دوایدا دەگەڕێن و سۆراخی دەکەن کە لەکوێیە و بۆ کێ چووە؟ لەولاشەوە باش چاوەش لەو کەین و بەینە ئاگادار دەکەنەوە کە تا زووە فریای خۆی بکەوێ، ئەگینا مارکوژ و حەسیر مەیدانی دەکەن، ئەویش کە دنیای لێ دەبێتە چەرمی چۆلەکە، نازانێ چی بکا و ڕووبکاتە کوێ. خەڵکەکە لە ڕاهی خوا پێی دەڵێن بڕۆ لای قانع شەفاعەتێکت بۆ بکا تا لەدەستیان قورتارت بێ. ئەویش بە قسەیان دەکات و ڕێک خۆی دەکوتێتە ژوورەکەی قانع و دەڵێ دەخیلە مامۆستا فریام کەوە، جەماعەت بە دوامەوەن و دەیانەوێ بیرازم بکەن، خەتایەکەشم تەنیا دڕاندنی وێنەکانی ئەو ڕیشن و شیوعیانەیە. قانع دڵنیای دەکاتەوە کە ناهێڵێ دەستی بۆ ببەن و لەلای خۆی دەیپارێزێ. ئەوانیش کە بە دوایەوەن و دەپرسن بۆ کوێ چووە، خەڵکی خێرخواز زۆرن پێیان بڵێن ئەوە لە ژوورەکەی قانع داڵدەدراوە و خۆی شاردووەتەوە. کە خەڵکەکە بە دەنگە دەنگ و هەرا و هۆریا بەرەو ئەوێ دەچن، قانع توند دەرگای ژوورەکەی دادەخا. ئەوان کە دێنە ئەوێ بە توندی لە دەرگا دەدەن و داوای لێ دەکەن دەرگاکە بکاتەوە و باش چاوەشیان بداتە دەست. (قانع)یش کە زۆر لە خۆی ڕا بینیوە و وای زانیوە ڕێزی دەگرن و بە قسەی دەکەن، بۆیە دەیکاتە عینادی و دەڵێ دەرگا ناکەمەوە، لەو ناوە بڕۆن و بڵاوەی لێ بکەن، ئەوانیش لەسەر داواکەیان سوورتر دەبن و دەڵێن دەبێ باش چاوەشمان بدەیتە دەست تا حەق و حیسابی خۆمانی لەگەڵدا بکەین. دوایی کە سووڕ دەزانن دەرگایان بۆ ناکاتەوە، پێی دەڵێن بەخوا تۆش زەرەرت کرد! ئیدی بە شەق و بە پاڵ دەکەونە وێزەی دەرگاکە و دەشکێنن، باش چاوەش و قانع پێکەوە دەهێننە دەرەوە، نەک خاتری قانع ناگرن، بگرە چەند لە باش چاوەش هەڵدەدەن، هێندەش قانع دەکوتن و دادەپڵۆسن و لە ناو خۆڵەکەی ئەو ناوەی دەگەوزێنن، خۆی و کەوا و سەڵتە و چەفیە سپییەکەی سەری لەناو ئەو خۆڵەپۆتە وەردەدەن، بەو حاڵەوە قانع بە نرکە و ناڵەوە هەڵدەستێتەوە و خۆی دەتەکێنێ، بەدەم خۆڕێکخستنەوە ڕوو دەکاتە باش چاوەش و پێی دەڵێ: (هەڵسە هەی کەری کەران باوگاو، ئاخر نەدەبوو سەعاتێک زووتر بێیتە لام، تاکوو من بچم ئەو خەڵکە کۆبکەمەوە و قسەیان بۆ بکەم، لەجیاتی ئەوەی ئەوان ئێمە تێڵاتڕێن بکەن، ئێمە ئەوانمان تێڵاتڕێن کردبا!).